گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper9

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٣/٠١/٢١
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٣/٢٦
ڕێــکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٨/٢٩

# مەزەندەکردنی گەشەی زمانی منداڵ لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سنوری قەزای شارەزور

**میهرەبان حسێن ساڵح[1] - نزيرة صالح محمد[2]**

mihraban.salih@uoh.edu.iq - nazeera.mohammed@univsul.edu.iq

[1]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی شارەزور، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختەی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەزانینی ئاستی گەشەی زمانی منداڵانی باخچە لەقەزای شارەزور لە دیدی مامۆستایانەوە و پەیوەندی بەهەندێک گۆڕاوەوە: ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی خێزانی منداڵەکە، ڕیزبەندی لە دایکیبون، قەبارەی خێزان و باری ئابوری خێزان. بۆگەیشتن بەم ئامانجانەش توێژەران میتۆدی وەسفی شیکارییان بەکارهێناوە، هەروەها بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران پێوەری گەشەی زمانی منداڵان بەکارهێناوە لە توێژینەوەی (الدردير وأخرون، 2016) وەرگیراوە، کە لە (58) برگە پێکهاتوە. نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (89) منداڵ لە ڕەگەزی نێر و مێ، ئامرازەکە بەسەر مامۆستای باخچەی منداڵان دابەشکراوە کە هەمو مامۆستاکانی بەڕێگای هەڕەمەکی سادە لە باخچەکانی قەزای شارەزور، لەگرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتوەکان بریتیبون لەوەی گەشەی زمانی لەلای منداڵانی قەزای شارەزور بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی لاوازدایە. بەپێی بوارەکان: پەیوەندیکردنی زارەکی بە پلەی یەکەم دێت بە بواری ئامادەباشی بۆ نوسین (لێهاتوییەکانی پێش نوسین) بە پلەی دوەم دێت تێگەیشتن بە پلەی سێیەم دێت، ئامادەباشی بۆ خوێندنەوە (لێهاتوییەکانی پێش خوێندنەوە) بە پلەی چوارەم دێت. هەروەها جیاوازی لە نێوان منداڵانی قەزای شارەزوردا نییە بۆ گەشەی زمانی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی خێزان، ڕیزبەندی لە دایکبون، قەبارەی خێزان، باری ئابوری خێزان، لەکۆتایدا توێژەران لەسەر بنەمای ئەنجامی توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەو پێشنیارێکیان پێشکەشکردوە.

**کلیلە وشەکان:** گەشەی زمانی، منداڵانی باخچەی منداڵان، مامۆستایانی باخچەی منداڵان.

## پێشەکی

زمان بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت لە هۆکارە بنچینەییەکانی پەیوەندیکردن لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا، یەکێکە لە هۆکارەکانی گەشەی ژیری و مەعریفی و هەڵچونی و هۆکارێکی سەرەکییە تا تاک گوزارشت لە خودی خۆی بکات و پەیوەندی بکات لەگەڵ ئەوانی تر (الفريحات و فضيلي، 2016: 684).

هەروەها زمان یەکێکە لە هۆکارەکانی بەستنەوەی تاک بە کۆمەڵ و بە بنەما و ڕەگەزی سەرەکی دادەنرێت بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و یارمەتیدەرە بۆ دروستبونی پێگەی کۆمەڵایەتی، چونکە مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە (السعيد، 2014: 7).

زمان لەلای منداڵ یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان کە زانایان و توێژەران هەڵدەستن بە توێژینەوەو بەدواداچون بۆی، ئەوەی مرۆڤ جیایدەکاتەوە لە بونەوەرکانی تر تەنها زمان نییە، کە لە چەند دەنگێک پاشان وشەو پاشان ڕستەو دواتر گوارشت و دەربڕین بێت، بەڵکو توانای مرۆڤە بۆ پەیوەندیکردن، بەهۆی زمانەوە دەتوانێت ئەزمون و شارەزاییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوازرێتەوە، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی تر ببەستێت و کێشەکانی چارەسەربکات لەگەڵیان و خۆیان پێبناسێنێت.

بەهەند وەرگرتنی پرۆسەی وەرگرتنی زمان لەلای منداڵان لەوەوە دێت کە هۆکارێکی زیندو و گرنگە بۆ پرۆسەی کارلێکردن و پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەر، بە وەرگرتن و فێربونی گۆڕانکاری گەورە ڕودەدات لە جیهانی منداڵدا، لە ڕوانگەی ئەو بەرەو پێشچونەی کە دێتە پێش بۆی بەهۆی قسەکردنی لەگەڵ گەورەکان، و هۆکارێکە بۆ دەربڕینی هەست و نەست و بیروباوەڕو سۆزی خودی خۆی

گەشەی زمان و پێشکەوتنی لەلای منداڵ یارمەتی دایبابان و کەسانی دەروبەری دەدات بۆ ئەوەی لە پێویستی و ئارەزوەکانی بگەن و پاڵیان پێوەدەنێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵیدا، توانای زمانی منداڵ بە بنچینەیەکی گرنگ دادەنرێت ناتوانرێت پشت گوێبخرێت، چونکە بەستراوتەوە بە ئارەزو بۆ هەڵسەنگاندنی گەشەی ژیری و مەعریفی و توانای گوزارشتکردنی لەوەی کە لەناخی منداڵەکەدایە و دەریدەبڕێت، باشرین بەڵگەیە بۆ ئامادەباشی بۆ فێربونی مەعریفەیەکی گشتی و هەمەلایەن و گەشەی مەعریفییە (الهوارنة، 2012: 225).

منداڵ بە فێربونی زمان و پاراوبونی، واتای ئەوەیە پێشدەکەوێ و گەشەدەکات، بەڵام کاتێک توشی دواکەوتنی زمان یان گرفتەکانی تری زمان دەبێت لە هەمو لایەنەکانی کەی بەرەو پاش دەچێت و ناتوانێت وەک منداڵێکی ئاسایی کاروبارەکانی جێبەجێبکا و گوزارشت لە پێداویستی و ئازارو خۆشییەکانی بکات، ئەمەش وای لێدەکات بەرەو لاوازی پەیوەندیکردن و گۆشەگیری و دواکەوتنی خوێندن و چەندین کۆسپی تری ببات (الدردير و اخران، 2016: 265).

## کێشەی توێژینەوە:

پێنج ساڵی یەکەم لە تەمەنی منداڵ بەماوەیەکی پێشکەوتوی گرنگ بە درێژایی ژیانی منداڵ دادەنرێت. ئەو چەند ساڵە ڕێخۆشکەرە بۆ گەشەی منداڵەکە لە ئاینده و سەرکەوتنی لە خوێندن و ژیان و ئەزمونەکانی، سەرەتای تەمەنی منداڵی کاریگەری دەبێت لەسەر گەشە و پێشکەوتنی مێشک و دروستکردنی پێکەوەبەستنەوەی دەماری کە بنەماکانی زمان و بیرکردنەوە و چارەسەری کێشەکان و لێهاتوییە کۆمەڵایەتی و ڕەفتار و دروستی هەڵچونی دابینبکات، پاشان پێویست دەکات لە قۆناغی دواتر کە لەتەمەنی شەش ساڵییەوە دەنێردرێت بۆ قوتابخانە، لەبەرئەوە گرنگە تا ئەوپەڕی توانا هەوڵبدرێت منداڵەکان ئامادەبکرێن لەگشت بوارەکانی ژیانیان، بواری ڕەفتاری بۆ ئامادەباشییە بۆ قوتابخانە لێیهاتوییە جەستەیی و کۆمەڵایەتی و هەڵچونی و زمانی و مەعریفی کە منداڵ پێویستیەتی بۆ دەرچونی لە قوتابخانە، پاش ئامادەباشی بۆ قوتابخانەو چۆنیەتی ئامادەکردنی منداڵ بۆ سەرکەوتن لە قوتابخانە لە ڕوی مەعریفی و هەڵچونییەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی منداڵەکە گەیشتۆتە قۆناغێکی دیاریکراو لە پێشکەوتن لە ڕوی فێرکردنی فەرمی بەسود بۆی. (عبابنة واخران، 2018: 16). دواکەوتنی زمان یەکێکە لە شڵەژانەکانی زمان کە منداڵان لە قۆناغی ماوەی سەرەتایی تەمەنیاندا پێوەی دەناڵێنن، و گرفتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەبێت لەگەڵ منداڵەکانی تر بەهۆی کەمی سەرمایەی زمانەوانییەوەو ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی و تێکەڵبونی لەگەڵ کۆمەڵگا. لەبەرئەوە پێویست دەکات دەست بەکاربین و یارمەتی منداڵەکان بدەین بۆ گەشەکردنی سەرمایەی زمانەوانیان و پەیوەندیکردن و بەژداریکردنی لەگەڵ ئەوای تر، جا لە باخچەی منداڵان بێت یان لە قوتابخانە یان لەو ژینگەیەی کە منداڵەکە تێیدا دەژی لەلایەن مامۆستاوە یان خێزانەکەیەوە (بدیر و صادق، 2000: 165).

چەند پرسیارێکمان لەلا دروست بوە لەڕێگەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە هەوڵدەدەن توێژەران وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە.

1- ئایا ئاستی گەشەی زمانی مندڵانی باخچە لەقەزای شارەزور لە دیدی مامۆستایانەوە چەندە؟

2- ئایا جیاوازی بەڵگەداری هەیە لەئاستی بەڵگەاری ئاماری (0.05) بە ئاستی گەشەی زمانی منداڵانی باخچە لەقەزای شارەزور لە دیدی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی: ڕەگەز، لەگەڵ کێ دەژی، ڕیزبەندی لە دایکیبون، ئەندامانی خێزان، ئاستی بژێوی؟

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوەکە لە ڕوی تیۆرییەوە لەوەدایە کە ئەم توێژینەوەیە لەسەر گرنگترین بوارەکانی گەشەی سروشتی منداڵ دەکرێت، زمان یەکێکە لەو دیاردانەی کە پێویستمانە هەر لەکاتی لەدایکبونەوە، ناتوانین

لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا ببین کە تێیدا دەژین بەبێ بەکارهێنانی زمان، ئیمە بۆ هەمو بوارەکانی ژیانمان بەکاریدەهێنین بۆ دەربڕینی هەستەکانمان بەخۆشی و ناخۆشییەوە یان ڕێورەسمە خۆشی و ناخۆشییەکان، هەورەها بەکاریدەهێنین بۆ قەناعەتپێهێنانی بەرامبەر و سوپاسکردن و سەرزەنشت و گلەیی و پێداهەڵدان و وتاردان و پڕوپاگەندە بۆ کاریگەر خستنەسەر خەڵک و بۆ ئەدەب و ڕەوانبێژی و یاسا، واتە لەهەمو بوارەکانی ژیانماندا بەبێ جیاکاری (الهادي و أخران، 2007: 19).

هەروەها لەبەرئەوەی زمان بابەتێکی گرنگە لەلایەکەوە پێویستی بە ئامادەباشی عەقلی و چانسی فێربون لەلای منداڵەوە هەیە، لەلایەکی تریشەوە تێگەیشتن لە گەشەی زمان و چۆنیەتی بەدەستهێنانی زمان پرۆسەیەکی گرنگە بۆ مامۆستایان بۆ زانینی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵان و بۆ ئەوەی لە گرنگی زمان لەلای منداڵ تێبگەین پێویستە بزانین گەشەی زمانی منداڵانی باخچە لە چ ئاستێکدایە (الدردیر، 2016: 284). لەبەرئەوەی هەردو توێژەر کاردەکەن لە بواری باخچەی منداڵان و بە پێویستیان زانی توێژینەوەیەک بکرێت بۆ زانینی ئاستی گەشەی زمانی منداڵانی کورد لە شاری سلێمانی و قەزای شارەزور. هەروەها ئەم توێژینەوەیە بابەتێکی نوێیە، چونکە توێژینەوەی لەم شێوەیە بەم ساڵانەی دوایی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامنەدراوە (بەپێی زانیاری توێژەران).

گرنگی ئەم توێژینەویە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی کرداریەوە بەسود دەبێت بۆ:

1- وزارەتی پەروەردە تا زیاتر زانیاری دەربارەی ئاستی گەشەی زمانی ئەم نەوەیەی منداڵی کورد بزانرێ و بەربەست و کێشەکان و ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە.

2- مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەشێوەیەکی زانیستیانە دەزانن ئاستی گەشەی زمانی منداڵان لەچ ئاستێکدایە لەبواری پەروەردە و فێرکردندا سودی لێدەبینن.

3- بەسود دەبێت بۆ دایباب تا ئاستی گەشەی زمانی منداڵەکانیان بزانن و زیاتر گرنگی بەگەشەی ئاستی زمانی منداڵەکانیان بدەن ئەگەر پێویستیکرد.

## ئامانجی توێژینەوە

لە ڕوانگەی کێشەی توێژینەوە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1- زانینی ئاستی گەشەی زمانی منداڵانی باخچە لەقەزای شارەزور لە دیدی مامۆستایانەوە.

2- زانینی ئاستی جیاوازی گەشەی زمانی منداڵانی باخچە لەقەزای شارەزور لە دیدی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی: ڕەگەز، لەگەڵ کێ دەژی، ڕیزبەندی لە داکیبون، ئەندامانی خێزان، باری ئابوری خێزان.

## سنوری توێژینەوە

بریتییە لە گشت منداڵانی باخچەی منداڵان لە سنوری قەزای شارەزور بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2023).

## زاراوەکانی توێژینەوەکە

### 1- زمان

کەڵهور پێناسەی دەکات بەوەی، "زمان هۆیەکە بۆ گەیاندنی هەست و سۆزو بیروباوەڕ لەڕێگای دەنگەوە لە دەم دەردەچێت، یاخود لەڕێگای کۆمەڵێک هێماوە کە ئاماژە لە فەرمانی دڵ و دەرون دەکا بۆ شیکردنەوەی هەست و نەستی ناوەوەی مرۆڤ، بەڵام لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە تێگەیشتنە لە نێوان مرۆڤەکان، کەواتە لەڕێگای زمانەوە تاکەکان لەیەکتر تێدەگەن". (کەڵهور، 2010: 29).

### 2- گەشەی زمانی:

عەزیز پێناسەی گەشەی زمانی کردوە بەوەی "توانای منداڵە لە دەربڕین و بیستن. و گەشەی زمانەوانی منداڵ پەیوەستە بە گەشەی لایەنەکانی تر وەک گەشەی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و توانای جوڵەی ماسولکەکانی دەم" (عزیز، 2021: 139).

**پێناسەی ڕێکاری گەشەی زمانی:** بریتییە لەو نمرەیەی کە هەر تاکێک لە نمونەی توێژینەوەکە بەدەستیدەهێنێ لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی بۆ بڕگەکانی پێوەری (گەشەی زمانی لەلای منداڵانی باخچە).

مامۆستای باخچەی منداڵان:

### 3- مامۆستای باخچەی منداڵان:

مامۆستای باخچەی منداڵان لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەو مامۆستایانەی دەرچوی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان یان بەشي باخچەی منداڵان یان یەکێک لەبەشەکانی پەروەردەی بنەرەتن و لە باخچەدا بە ئەرکی مامۆستایی هەڵدەستن و وانە بە منداڵانی باخچە دەڵێنەوە.

### 4- باخچەی منداڵان:

بدر پێناسەی قۆناغی باخچەی منداڵانی کردوە بەوەی بریتییە لەو قۆناغەی کە چاودێری منداڵان دەکات لە نێوان 3 بۆ 4 تا 6 ساڵی یان 7 ساڵی لە دەزگا پەروەدەییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە ئامانج لێی بەدەستهێنانی گەشەی تەواو و هاوسەنگە لە گشت بوارەکانی تەندروستی و ژیری و دەرونی و کۆمەڵایەتی. (بدر، 2010: 18).

باخچەی منداڵان لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەدەزگایەکی پەروەردەیی بۆ منداڵانی تەمەنی پێش چونە خوێندنگە کە منداڵانی تەمەن 4 و 5 ساڵ لەخۆدەگرێت، بەمەبەستی پەرەپێدانی هەمەلایەنی بوارەکانی گەشەی منداڵانی ئەو تەمەنەو ئامادەکردنیان بۆ قۆناغی داهاتو خوێندنی بنەرەتی.

## چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو

## گرنگی گەشەی زمانی لای منداڵ

زمان یەکێکە لەو دیاردانەی کە پێویستمانە هەر لەکاتی لەدایکبونەوە، ناتوانین لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا بژین کە تێیدا دەژین بەبێ بەکارهێنانی زمان، ئیمە بۆهەمو بوارەکانی ژیانمان بەکاریدەهێنین بۆ دەربڕینی هەستەکانمان بەخۆشی و ناخۆشیەوە یان ڕێوڕەسمە خۆشی و ناخۆشیەکان، هەروەها بەکاریدەهێنین بۆقەناعەت پێهێنانی بەرامبەر و سوپاسکردن و سەرزەنشت و گلەیی و پێداهەڵنان و وتاردان و پڕوپاگەندە بۆ کاریگەر خستنەسەر خەڵک و بۆ ئەدەب و ڕەوانبێژی و یاسا، واتە لەهەمو بوارەکانی ژیانماندا بەبێ جیاکاری.

زمان مرۆڤ جیادەکاتەوە لەهەمو بونەوەرە زیندوەکانیتری سەر زەوی لە ڕوی توانای تێگەیشتن و پەیوەندیکردن بە کەسانی تر لە هاوزمانی کۆمەڵگاکەی خۆی و بە نەتەوەکانیترەوە. گەشەکردنی زمان بەشێوەکی ئاسایی لەلای منداڵ یارمەتیدەدات بۆ:

-دروستکردنی جیهانی تایبەت بەخۆیان بە هەمو ڕەهەندەکانییەوە.

-ناسینی باو نەرت و بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگاکەی.

-تا هەست بە ئاسایش و دڵنیایی بکات.

لەسەر ئەو بنەمایەوە، دەتوانین دڵنیابین لەوەی گرنگی زمان بەشێوەیەکی گشتی خۆی لەم دو خاڵەدا دەبینێتەوە:

یەکەم: پەیوەندیکردن لە نێوان خەڵکدا لە هەمو کاروبارە جیاوازەکانی ژیان وەک دەمی کاتییەکان و کۆمەڵایەتی و ڕوحی و سۆزداری و هەڵچونی.

دوەم: تاک دەتوانێت گوزارشت لە خودی خۆی بکات وەک هەستەکانی (عبدالهادي وأخران، 2007: 19-20).

## وەرگرتن و فێربونی زمان لەلای منداڵ

منداڵ لە ئەنجامی ژیان لەناو کۆمەڵگاداو تێکەڵاوبونی بە تاکەکان فێری زمانی گەل و نەتەوەکەی دەبێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سەرمایەی وشەی زیاددەکات و شارەزایی و ئەزمونی دەربارەی بەکارهێنانی زمان و پێکهاتەی پەیدادەبێت (قەرەچەتانی، 2015: 32).

## ڕواڵەتەکانی زمان

زمان لە ڕوی ڕواڵەتەوە دەکرێت بە دو بەشەوە:

زمانی نازارەکی و وەرگرتن (اللغة الغير اللفظية أو الاستقبالية): بریتییە لە توانای تاک بۆ بیستنی زمان و تێگەیشتنی و جێبەجێکردنی بەبێ گۆکردن، ئەم ڕواڵەتییە ئەو شێوازانە دەگرێتەوە کە تاک بەکاریدەهێنێ بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تر بەبێ بەکارهێنانی هێما دەنگییەکان و گۆکردنەکان یان نوسراوەکان.

زمانی زارەکی (اللغة اللفظية): زمانی گۆکردن و نوسراو دەگرێتەوە، واتە زمانی گوزارشتکردن کە یارمەتی تاک دەدات بۆ گۆکردنی زمان و نوسینی و گۆڕینی بیرۆکەکان بۆ هێمای دەربڕینی نوسینی و گۆکردن (النواسيه و القطاونة، 2015: 21-22).

## قۆناغەکانی گەشەی زمان لەلای منداڵ

زمانی منداڵ لە لەدایکبونەوە، تا دەرکەوتنی وشەو هێما زمانییەکان، لە چوار شێوازدا خۆی دەنوێنێت، واتە چوار قۆناغە ئەوانیش:

1- قیژەو هاوارو کروزانەوە (گریان)

2- گڕوگاڵ

3- لاسایکردنەوە

4- قسەی ڕون واتادار

بە قۆناغی یەک و دو دەوترێت قۆناغی پێش قسەکردن، و بە قۆناغی سێ و چوار دەوترێت قۆناغی قسەکردن (عەبدولوەهاب، 2015: 26)

## لێهاتوییەکانی زمان

قدوری (2021) باس لە چوار لێهاتوییی گرنگ دەکات بۆ گەشەی زمان لەلای منداڵ، ئەوانیش:

1- لێهاتوی گوێگرتن: بریتییە لە باش گوێگرتن بەیەکێک لە لێهاتوییەکانی زمان و گوێهەڵخستن دادەنرێت، یەکێکە لەلێهاتوییە بنەڕەتی و کاریگەرییەکان بۆ پەیوەندیکردن بەکەسانی ترەوە، مەبەست لێی بیدەنگی و تێگەیشتن و ڕاڤەکردنە.

2- لێهاتویی قسەکردن یان گفتوگۆ: بریتییە لە وەرگێڕانی زمان بەو شێوەیەی کە خەڵک فێری بوە، لەڕێگەی گوێگرتن، قسەکردنیش لە گرنگترین ڕەنگەکانی چالاکی زمانە بۆ منداڵان و گەنجان بەیەکسانی، تاکەکان گۆکردن بەکاردەهێنن زیاتر لە نوسین لە ژیانی ڕۆژانەدا.

3- لێهاتویی خوێندنەوە: خوێندنەوە لێهاتویەکی زمانی وردە، و پرۆسەیەکی ژیری و دەنگی ئاڵۆزە، بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە لێهاتویی لە هونەری ورد کە خۆی لە چەند ڕستەیەکی کاریگەری کارلێکردنی بیری ناوخۆییە کاردەکات بۆ ڕاڤەکردنی هێما و شێوەو قسەکان.

4- لێهاتویی نوســـین: بریتییە لە و لێهاتوییە هونەرییە وردەی کە وروژێنەرەکانی هەســـتی و جوڵەیی و بینینی و دەماری و ژیری و بینینە هونەرییەکان لەخۆدەگرێت لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی نوسین و پێنوس و بە دروسکرتنی پێنوس (قدوري، 2021: 591-592).

## هۆکارەکانی گەشەی زمانKind2009

چەند هۆکارێک هەن کاریگەریان هەیە لەسەر گەشەی زمانی منداڵ لەوانە:

یەکەم: کۆمەڵە هۆکاری بنیاتی (بۆماوەیی) یان تاکی کە پەیوەندی بە خودی منداڵەکەوە هەیە وەک: ڕەگەز، زیرەکی، پێگەیشـــتن و تەمەنی کاتی، بارودۆخی تەندروســـتی تاک، ئارەزوکردنی بۆ پەیوەندیکردن و کەسایەتی منداڵەکە.

دوەم: کۆمەڵە هۆکاری ژینگەیی پەیوەندی بە وروژاندن و پەیوەندیکردن بەکەســـانی دیکەی دەروبەری منداڵەکەوە دروست دەبێت، وەک ئاستی ئابوری کۆمەڵایەتی خێزانی منداڵەکە، ئاستی ڕۆشنبیری، قەبارەی خێزان و پێکهاتەی، ڕیزبەندی لەدایکبونی منداڵەکە، منداڵانی جمک، بێ بەشـبونی سـۆزی دایک و باوک یان ژیان لە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان و خانەی چاودێری، شـێوازی ژیانی خێزانی و کارلێکەری لەنێوان منداڵ و دایـک و بـاوک، هۆکـارەکـانی ڕاگەیـانـدن، پەیوەنـدیکردن بە بـاخچەوە، گفتوگۆ لەگەڵ منـداڵـدا لەڕێگەی خوێندنەوەی چیرۆک و یارییەوە.

ئەم هۆکارانە تاکی کارناکەن، بەڵکو پێکەوە (کۆمەڵی) کاردەکەن و کاریگەریان دەبێت لەســـەر گەشـــەی زمانی بەڵکو کارلێکردنێک ڕودەدات لەنێوان ئەم هۆکارنەدا (الهوارنة، 2012: 232-238).

## تیۆرەکانی گەشەی زمانی منداڵ:

### 1- تیۆری ڕەفتاری

تیۆری ڕەفتاری جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی دەبێت گرنگی بەو ڕەفتارانە بدرێت کە شایەنی سەرنجدان و پێوانەکردنن، لایەنگرانی تیۆری ڕەفتاری سەرنجی گرنگیپێدان ناخەنە سەر بنیاتنانە عەقڵییەکان و پرۆسە ناوخۆییەکان بنیاتنانی زمانییان داگیرکردوە، گرفتی گەورە لێرەدا ئەوەیە کە چالاکییە عەقڵیەکان نابینرێن و ناتوانرێ بزانرێن و پێوانەبکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنگرانی تیۆرەکە ڕەتی بونی پرۆسە عەقیڵییەکان ناکەنەوە، پێیانوایە تەنها ڕەفتارەکان شایەنی سەرنجدان و پەیوەستن بە پرۆسە ناوخۆییەکان یان فسیۆلۆجیەکان، ناتوانرێ توێژینەوە بۆ شتێک بکرێ کە سەرنج نەدرێ. (نواسیە و القطاونة، 2015: 40).

تیۆرە ڕەفتارییەکان جەختدەکەنەوە لەســـەر ئەوەی زمان ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە منداڵ لەڕێگەی هاندان و تێکەڵاوبونەوە فێردەبێت، ئەوەی بەســـەر وەرگرتن و فێربونی ڕەفتارەکاندا جێبەجێدەبێت بەســـەر زمانیشـدا

جێبەجێدەبێت (الظاهر، 2010: 55). واتسۆن پێیوایە، زمان لە قۆناغەکانی سەرەتایدا نمونەیەکی سادەیە لە ڕەفتار و وەک خویەک وایە (الغریر و أخرون، 2009: 8).

واتسـون، سـکینر، بوهاسـون، پێیانوایە زمان وەرگیراوەو منداڵ فێری دەبێت، ئەمەش وایکردوە ئەو ڕەخنەیەی لەم تیۆرە گیراوە ئەوەیە منداڵ ڕۆڵێکی نەرێنی هەیە لەماوەی فێربون زمان و بەدەسـتهێنانی (نوایسة و قطاونة، 2015: 41)، چونکە منداڵ لە کاتی لەدایکبونەوە لەگەڵیدایە و هەیەتی.

## 2- تیۆری دەرکپێکردن و مەعریفی:

ئەم تیۆرە گرنگی دەدات بە هۆکار ناوخۆییە ڕێکخراوەکان لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پرۆسە مەعریفییە عەقلیەکان بۆ وەرگرتنی زمان و فێربونی (نوایسة و قطاونة، 2015: 41).

لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیانوایە وەرگرتنی زمان دەبێت لەگەڵ گەشـەی عەقڵی منداڵدا تەماشـابکرێ، بنیاتنانی زمان کاتێک دروست دەبێت ئەگەر بنەمایەکی مەعریفی هەبێت (الظاهر، 2010: 61).

جان پیاجیە بە پێشـەوای ئەم تیۆرە دادەنرێت و لەو بڕوایەدایە، کە تواناو لێهاتویی فێربونی زمان، لە ڕێگەی کارلێکردنی نێوان منداڵ و ژینگەکەیەوە گەشـەدەکات، واتە منداڵ توانسـت و ئامادەباشـی فێربونی زمانی هەیە، بەڵام ئەو توانسـت و ئامادەباشـییە ئەگەر ژینگەی کۆمەڵایەتی لەبارو گونجاوی بۆ نەخولقێندرێ، ئەوا گەشـەناکات و لە هەڵسـوکەوت و زمانی منداڵدا بەرجەسـتەنابێت، کەواتە زمان لە ئەنجامی کارلێکردنی نێوان، ئامادەباشـییەکانی منداڵ و ژینگەی کومەڵایەتییەوە گەشـەدەکات (قەرەچەتانی، 2016: 36-37).

## 3- تیۆری خۆرسکی یان سروشتی

تیۆری سروشتی کە جۆمسکی Chomsky دامەزرێنەریەتی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە وەرگرتنی زمان لەلایەن تاکەوە بەڕێگەی سروشتی دەبێت (الغریر و اخرون، 2009: 10) هەروەها وەرگرتنی زمان لەلایەن منداڵەوە خۆرسـکە (فطریة) هەمو تاکەکان کە لەدایکدەبن چەند ئامرازێکیان هەیە ئامادەیان دەکات بۆ وەرگرتنی زمـان و دەرکپێکردنی بەڕێگەی ڕێکخراو، (بینبرغ) پێیوایە زمـان ڕەفتـارێکە مرۆڤ پێی جیادەکرێتەوە لە گیانلەبەرەکانی تر، دەرکپێکردن و توانا جۆراوجۆرەکان پەیوەندە بە لایەنی بایلۆجیەوە لەلای تاک، چۆمسـکی پێیوایە چەند جیاکاریی خۆرسـکی هەیە وا لە منداڵ دەکات بە باشـی بەماوەیەکی کورت فێری زمـانی یەکەم بێت. زمـان دادەنرێت لە بنەمـای ژیری و ڕێکخراوێکی نـایـابـدا لە جۆرەی ڕاستیەکەی لەوەوە سەردەگرێ کە زمان ئامڕازێکە بۆ گوزراشتکردن و بیرکردنەوە (النوایسە و القطاویة، 2015: 45).

## 4- تیۆری فرمانی

نــاواخنی تیۆری ئەرکی (وەزیفی) لەوەدایە کە لێهــاتویی زمــان لەئەنجــامی کــارلێکی نێوان منــداڵ و ژینگەکەیەتی، لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە سەختە زمان جیابکرێــتەوە لە لایەنی مەعریفی و سۆزداری تاک، بلوم ئاماژەی بەوەکرد کە هەندێک ئاراســـتەی زمانی جیهانی باو هەن لەســـەر ڕەوشـــتی زمان و ئامادەکاری پێشــوی لە بەرنامەی فێرکردندا، ئەویش ئەوەیە کە هەمو زمانە گۆکراوەکان کۆمەڵێک دەنگیان هەیە بریتین لە پیتە بزوێنەکان و جوڵاوەکان، منداڵان لەگەڵ جیاوازی ئەو زمانەی قســـەی پێدەکەن، بەڵام هەمویان بە هەمان قۆناغدا دەڕۆن بەپێی بەرەوپێش چونی تەمەنیان.

لەم بارەیەشــەوە پیاژێ پێیوایە بەدەســتهێنانی زمان جەختدەکاتەوە لەســەر بەریەککەوتن یان کارلێککردنی مەعرفی و ئیدراکی لەلای تاک و لەنێوان ڕوداوە زمانییەکان و نازمانیەکان لە ژینگەدا. (النوایسە و القطاویة، 2015: 44-45).

## توێژینەوەکانی پێشو

### توێژینەوەی ئەلهوارنە (الهوارنە، 2012)

بەناونیشانی توێژینەوەی هەندێک گۆراوی پەیوەنیدار بە گەشەی زمانی لەلای منداڵانی باخچە.

ئـامـانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە توێژینەوەی هەنـدێـک گۆڕاوی پەیوەنـدیـدار بە گەشـــەی زمـانی لەلای منداڵانی باخچە وەک: ئاستی ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری خێزان و هەروەها ئاستی زیرەکی و ڕەگەزو قەبارەی خێزان و ڕیزبەندی لەدایکبونی منداڵەکە. پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستوە، نمونەی توێژینەوەکە بەشــێوەی هەرەمەکی لە (180) منداڵ پێکهاتبو، کە تەمەنیان لە نێوان (4-6) ســاڵیدا بو، پێوەری گەشــەی زمانی بەکارهێناوە کە لە(3) بەش پــێکهاتوە، بەشی یەکەم بۆ دەرکپێکردنی گوێگرتن لە (8) بڕگە پێکهاتوە (20) پرسیار لەخۆدەگرێ، بەشی دوەم بۆ تاقیکردنەوەی دەربڕینی قسەکردن لە (12) بڕگە پێکهاتوە (20) پرســـیارە، بەشـــی ســـێیەم (20) بڕگەیە لە (20) پرســـیار پێکدێت. توێژەر (ڕاســـتی و جێگیری) بەچەند ڕێگەیەکی جیــاواز بۆ دەرکردوە. لە گرنگترین ئەنجــامەکــانی توێژینەوەکە بریتیبو لە: پەیوەنــدییەکی ڕاســتەوانەیی ئاماری هەیە لە نێوان گەشــەی زمانی منداڵ و ئاســتی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشــنبیری خێزانەکەیدا، پەیوەندییەکی ڕاســـتەوانەیی ئاماری هەیە لە نێوان گەشـــەی زمانی منداڵ و ئاســـتی زیرەکی منداڵەکەدا، بەپێچەوانەوە جیاوازی ئاماری نییە لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێدا بۆ گەشـــەی زمانی (الهوارنە، 2012: 1).

### توێژینەوەی ئەلدەردیر و ئەوانی تر (2016)

بەناونیشانی پێوانەکاری مەزندەکردنی گەشەی زمانی لەلای منداڵانی باخچە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لەپێوانەکردنی گەشـــەی زمانی منداڵانی باخچە لەدیدی مامۆسـتـایانەوە، لە بواری (تێگەیشـتن و پەیوەندی زمانی و ئامادەباشـی خوێندنەوەو لێهاتویی پێش نوسـین)، بەسـەر 180 منـداڵی هەردو ڕەگەزدا جێبەجێکرا. پێوەرەکە لە(58) برگە پێکهـاتبو، هەژمـارکردنی تـایبەتمەنـدی سایکۆمەتری (ڕاستی و جێگیری) بۆ دەرکرا، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە لەگەشەی زمانی منداڵان بەپێی بوارەکان: تێگەیشـتن بە پلەی یەکەم هاتوە، بواری پەیوەندیکردنی زارەکی بە پلەی دوەم دێت، دواتر ئامادەباشی بۆ خوێندنەوە بە پلەی سێیەم دێت، لێهاتوییەکانی پێش نوسین بەپلەی چوارەم دێت (الدردیرو أخرون، 2016: 290-295).

## توێژینەوەی محمد (2012)

بەناونیشـانی "گەشـەی زمانی لەلای منداڵانی پێش خوێندنگە و پەیوەندی بەهەندێک گۆڕاوی دیموگرافیەوە (توێژینەوەیەک لە یەکەی شاری عەربی بەڕێوەبەرایەتی، گەرەکی باشوری جەزیرە لە سودان).

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ئاسـتی گەشـەی زمانی لەلای منداڵانی پێش خوێندنگە و پەیوەندی بەهەندێک گۆڕاوی دیموگرافی پەیوەندی بەمنداڵ و خێزانەکەی لە یەکەی شاری عەرەب، پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستوە، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (٣٩٠) منداڵ لەهەردو ڕەگەزی (نێرو مێ) لە (١٣) باخچە وەرگیراوە، بە ڕێگەی هەرەمەکی سـادە هەڵبژێراون لە نێوان (٤٩) باخچە لە باخچەکانی یەکەی شـاری عەرەب. سێ پێوەر بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە ئاستی گەشـەی زمانی منداڵان لە یەکەی شـاری عەرەب باش بو، بونی جیاوازی بەڵگەداریی ئاماری هەیە بۆ ئاسـتی زمانی منداڵ بەپێی ڕەگەز، ئاسـتی خوێندنی دایک و باوک، لە بەرژەوەندی ئاسـتی خوێندنی بەرز، بونی جیاوازی لە بەرژەوەندی ئاسـتی خوێندنی دایک و باوک بو، هەروەها بونی جیاوازی بەڵگەی ئاماری لە گەشـەی زمانی بەپێی گۆڕاوی بەکارهێنانی دو زمان لە خێزاندا لە بەرژەوەندی بەکارهێنانی یەک زمانی بو، هەروەها بونی جیاوازی بەڵگەی ئاماری بەپێی شـوێنی نیشـتەجێبونی خێزان (گوند، یان کۆمەڵگەی جوتیاران) بۆ بەرژەوەندی منداڵانی نیشتەجێی گوند بو، هەروەها توێژینەوەکە دەریخست کە جیاوازی نییە لە بەڵگەی ئاماری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ)، هەروەها جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاسـتی گەشـەی زمانی منداڵەکان بەپێی گۆڕاوی زنجیرەی لەدایکبوونی منداڵەکە لەگەڵ خوشـک و براکانی. هەروەها دەرکەوت کە پەیوەندییەکی نەرێنی چەپەوانە بەڵگەی ئاماری هەیە لە نێوان ئاستی گەشەی زمانی منداڵ و ئەندامانی خێزانەکەی، لەکاتێکدا پەیوەندییەکی ئەرێنی ڕاسـتەوانەی بەڵگەی ئاماری هەیە لە نێوان گەشەی زمانی منداڵەکەو ئاستی ڕۆشنبیری خێزانەکەیدا. (محمد، 2012: 7)

## توێژینەوەی قەدوری (قدوری، 2021).

بەناونیشانی "گەشەی زمانی لەلای منداڵانی ئەوانەی چونەتە باخچەی منداڵان و ئەوانەی نەچون".
ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە زانینی ئاستی گەشەی زمانی لەلای ئەو منداڵانەی چونە باخچەی منداڵان، جیاوازی بەڵگەی ئاماری لە گەشـــەی زمانی لەلای ئەو منداڵانەی چونەتە باخچە، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ)، و زانینی ئاســـتی گەشـــەی زمانی لەلای ئەو منداڵانەی نەچونە باخچەی منداڵان، جیاوازی بەڵگەی ئاماری لە گەشـــەی زمان لەلای ئەو منداڵانەی نەچونە باخچە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ). زانینی جیاوازی بەڵگەی ئاماری لەنێوان منداڵانی چونە خوێندنگەو ئەوانەی نەچون. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (٤٠) منداڵ لە هەردو ڕەگەز (نێر و مێ) ئەوانەی چون بۆ باخچەو ئەوانەی نەچون لە پارێزگای بەغداد بۆ ساڵی خوێندنی (2019-2020). بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئامرازی توێژینەوەکە پێوەری گەشـــەی زمانی بەکارهاتوە، ڕاســتگۆی ڕواڵەتی بەکارهاتوە و بۆ جێگیریش هەردو ڕێگای دوبارە جێبەجێکرنەوە و کرونباخ ئەلفا بەکارهاتوە، دوای جێبەجێکردنی پێوەرەکە و بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی یەک نمونەو دو نمونەی سەربەخۆ، توێژەر گەشت بەم ئەنجامانە، گەشـەی زمانی لای منداڵانی چونە باخچە لە ئاســـتێکی باشـــدایە، بونی جیاوازی بەڵگەی ئاماری لەنێوان منداڵانی چونە خوێندنگەو ئەوانەی نەچون لە بەرژەوەندی ئەوانەی چونە خوێندنگە. بونی جیاوازی بەڵگەی ئاماری لە گەشـــەی زمان لەلای منداڵانی چونە باخچە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدایە.

## ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:

### میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەدا میتۆدی وەســفی شـیکاری بەکارهاتوە بۆ زانینی ئاســتی گەشــەی زمانی لەلای منداڵانی باخچەی منداڵان.

### کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە گشت مامۆستایانی باخچەی منداڵانی حکومی لە سنوری قەزای شارەزور کە خۆی تەنها (5) باخچەی حکومییەو (88) مامۆستا بە بەفەرمی هەیە.

### نمونەی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا نمونەکە بە ڕێگەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێراوە، پێکدێت لە (88) منداڵ (39) نێر و (49) مێ لە دیدی (٨٨) مامۆستا لە (5) باخچەی حکومی لە سنوری قەزای شارەزور.

### ئامرازی توێژینەوە:

لەم توێژەینەوەدا پێوەری گەشــەی زمانی بۆ منداڵانی باخچە بەکارهاتوەو بەســەر مامۆســتایانی باخچەی منـداڵانـدا دابەشـــکرا دەربـارەی نمونەی توێژینەوە منـداڵانی بـاخچە وەڵامیـان داوەتەوە، پێوەرەکە

ســـەرچاوەکەی ڕاســـتەخۆ لەتوێژینەوەی ئەلدەردیر و ئەوانی تر (2016) وەرگیراوە، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە لەلایەن عبدالمنعم احمد الدردير، محســـوب عبدالقادر الضـــوي وهبة الله أحمد عبدالرحمن (2016) ئامادەکراوە. لە (٥٨) بڕگە پێکهاتوە دابەشـکراوە بەسـەر (٤) بواری سـەرەکیدا، ئەوانیش بواری (تێگەیشتن، پەیوەندی زمانی، ئامادەباشی بۆ خوێندنەوە و ئامادەباشی بۆ نوسین)، بەرامبەر هەر بڕگەیەک ســـێ هەڵبژاردە هەیە (بەڵێ (3) نمرە، هەندێکجار(2) نمرە، نەخێر(1) نمرە)، بۆ بڕگە نەرێنیەکانیش بە پێچەوانەوە، بەم شێوەیە بڕگەکان دابەشکراون:

١- تێگەیشتن (16) بڕگە.

٢- پەیوەندی زمانی (15) بڕگە.

٣- ئامادەباشی بۆ خوێندنەوە (لێهاتوییەکانی پێش خوێندنەوە) (15) بڕگە.

٤- ئامادەباشی بۆ نوسین (لێهاتوییەکانی پێش نوسین) (12) بڕگە.

**خشتەی (1) ڕاستاندنی پێوەری گەشەی زمانی**

| هەڵبژاردە | گەشەی زمانی | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | زۆر زۆر | زۆر | مامناوەند | لاواز | زۆر لاواز |
| ڕاستکردنەوەی | 5 | 5 | 3 | 2 | 1 |
| ماوە | 4.2-5.0 | 3.4-4.2 | 2.6-3.4 | 1.8-2.6 | 1-1.8 |
| کێشی ڕێژەیی بەرامبەر | زیاتر لە84% | 68%-84% | 52%-68% | 36%-52% | کەمتر لە 36% |

## }استگۆیی:

بۆ دەرهێنانی نمرەی ڕاســـتگۆیی توێژەران (ئەلدەردیرو ئەوانیتر) ڕاســـتگۆیی شـــارەزایان ( Referees Validity) بەکارهێناوە بۆ بۆپێوەرەکە 80% دەرچوە، ئەوەش لە ئاســـتی پەســـندکراودا بو، هەروەها ڕاستگۆی هۆکاریشیان بۆ دەکردوە کە لەئاستێکی بەرزدا بون.

توێژەرانی ئەم توێژینەوەیەش بۆ دڵنیـابونی گونجـانی پێوەرەکە لەگەڵ منـداڵانی نەتەوەی کوردی و وەرگێرانی بۆ زمانی کوردی، ڕاسـتگۆیی شـارەزایانیان بۆ دەرکردوە و بەسـەر (5)پسـپۆری دەروونناسـیدا دابەشکرا، دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچونیان بە شێوەیەکی زانستی 89% دەرچونن هەمو بڕگەکان وەک خۆی مـانەوە. هەروەهـا وردی وەرگێرانیش (دقە الترجمـة) بۆ پێوەرەکە کراوە لەلایەن (3) پســـپۆری زمـانی کوردی، و تەنها هەڵەی چەند دەربڕینێکی کەم هەبوە و ڕاستکراونەتەوە.

## جێگیری:

توێژەران لەڕێگەی (40) نمونەی ســەرەتاییەوە جێگری بۆ توێژینەوەكە كردوە بەبەكارهێنانی هاوكێشــەی ئەلفا كرۆنباخ (Cronbach's Alpha coefficient)و بەتێكڕای گشـــتی بوارەكـان (0.81) دەرچوە، هەورەها بەكارهێنانی دابەشـــكردنی نیوەیی بەرێگەی ســـپیرمان (Split Half Coefficient) بە تێكڕای گشتی بوارەكان (0.87) بەڕێگەی جسمان (0.85) دەرچوە، هەرسێ ئەنجامی جێگریەكە لە ئاستی پەسند و زۆر باشدابون.

هەروەهـا توێژەران (40) نمونەی ســـەرەتـاییـان وەرگرتوە بۆ جێگیری و ڕێگەی كرونبـاخ ئەلفـایـان بەكارهێناوە كە لە (0.79) دەرچوە، بەرێگەی دابەشـــكردنی نیوەیی (Split Half Coefficient) 0.89 دەرچو كە لە ئەنجامی هەردوكیاندا پەسندە بۆ توێژینەوەی زانستی.

## كەرەستەی ئاماری توێژینەوە:

بۆشیكردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەكە توێژەران پشتیان بەستوە بەبەرنامەی (SPSS) پاكێجی ئاماری بۆ زانستە كۆمەڵایەتییەكان، ئەم هاوكێشانە بەكارهاتوە:

- هاوكۆلكەی سپیرمان Spearman
- ڕێگای شیكاری جیاواز بەڕێگەی كرونباخ الفا Cronbach Alpha.
- ناوەندی ژمێرەیی: Mean
- لادانی پێوەری Standard deviation
- ڕێژەی سەدی النسبه المئویه percentage
- كێشی ڕێژەیی الوزن النسبي relative weight
- تاقیكردنەوەی تائي بۆ نمونەی سەربەخۆ Independent Samples T – Test
- تاقیكردنەوەی یەك ڕێگایی ئەنۆڤا One Way ANOVAs

## ئەنجام و شیكردنەوەی

**ئەنجامی ئامانجی یەكەم:** زانینی ئاســتی گەشــەی زمانی منداڵانی باخچەی منداڵان لەقەزای شــارەزور لە دیدی مامۆستایانەوە.

بۆ زانینی ئەم ئامانجە توێژەران ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و كێشی ڕێژەیی و پلە بۆ هەر بوارێك لە بوارەكانی پێوەری گەشەی زمانی لای منداڵانی باخچە و نمرەی كۆی گشتی برگەكان، خشتەی ژمارە /1 ئەمە ڕون دەكاتەوە.

**خشتەی (2):خستنەڕوی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و کێشی ڕێژەیی و پلە بۆ هەر بوارێ لە بوارەکانی پێوەری گەشەی زمانی لەلای منداڵانی باخچە**

| بوار | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | کێشی ڕێژی | ڕیزبەندی (پلە) |
|---|---|---|---|---|
| **تێگەیشتن** | 29.2614 | 585.228 | 36.57675 | 3 |
| **پەیوەندیکردنی زارەکی** | 32.6023 | 652.046 | 43.4697333 | 1 |
| **ئامادەباشی بۆ نوسین** | 29.8182 | 596.364 | 39.7576 | 2 |
| **ئامادەباشی بۆ خوێندنەوە** | 21.3068 | 426.136 | 35.5113333 | 4 |
| **کۆی گشتی** | 112.9886 | 2259.772 | 38.9615862 | |

لە خشـــتەی (2) دەردەکەوێت کە کێشـــی ڕێژەیی بۆ بوارەکانی گەشـــەی زمانی لە نێوان (43.46 بۆ 35.51)، لە نێوان بەرزترین بۆ نزمتریندایە، هەروەها کێشـی ڕێژەیی بۆ ناوەندی ژمێرەی گشـتی برتییە لە (38.96)، ئەمەش بە ئاســتی لاواز دێت، ئەم ئەنجامە جیاوازە لە ئەنجامی توێژینەوەی ئەلدەردیر (الدردیر، 2016) و توێژینەوەی قەدوری (القدوری، 2021) کە لە ئامانجی توێژینەوەکەی ئەواندا ئاســتی گەشـــەی زمانی لە ئاستی باشدابوە، هەروەها ئەنجامەکانی ئەم توێژنەوەیە دەریخست ڕیزبەندی بوارەکان بەپێی پلە و ڕێژەی کێش، پەیوەنـدی زمـانی بە پلەی یەکەم دێـت بە کێشـــی ڕێژەی (43.46%)، دواتر بواری ئامادەباشی بۆ نوسین بە پلەی دوەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (39.75%)، دواتر تێگەیشتن بە پلەی سێیەم دێت بە کێشـــی ڕێژەیی (36.57%)، ئامادەباشـــی خوێندنەوە بە پلەی چوارەم دێت بە کێشـــی ڕێژەیی (35.51%)، ئەمەش جیاوازە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی ئەلدەردیر (الدردیر، 2016)یە، کە تێگەیشـــتن بەپلەی یەکەم دێت و ئامادەباشي بۆ نوسین بە پلەی چوارەم دێت لەلای منداڵانی وڵاتی میسر. ئەم ئاستی لاوازی گەشـــەی زمـانییە لەلای منـداڵانی بـاخچەی شــــارەزور، بەرای توێژەران دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی ئیســتا هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەشــێوەیەکی گشــتی و خێزانی کوردی بەتایبەتی، لەوانە گرنگینەدانی دایبابان بە قسـەکردنی منداڵ و کەمی سـەرمایەی زمانی منداڵ، لەهەندێ باریشـدا کێشـەی دو زمانی لەلای منداڵان هۆکارە، چونکە هێشـــتا منداڵەکە زمانی دایک بەتەواوی فێرنەبوە، زمانی دوەمی فێردەکرێت لە ماڵەوەو لە باخچەی منداڵان، لەوانە هەموشـــی گرنگتر کات بەســـەربردنی ماوەیەکی زۆری منداڵ لەبەردەم تەلەفزیۆن و بەکارهێنانی ئاپیاد و موبایل بۆ تەماشاکردنی یاریە ئەلکترۆنییەکان.

**ئامانجی دوەم:** زانینی ئاستی جیاوازی گەشەی زمانی منداڵانی باخچە لەقەزای شارەزور لە دیدی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی: ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی خێزان، ڕیزبەندی لە دایکبون، ئەندامانی خێزان، باری ئابوری خێزان.

- **ڕەگەز** (**نێر- مێ**)

زانینی جیاوازی نێوان منداڵانی ناوچەی شارەزور بۆ گەشەی زمان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی (T) بۆ دو سامپڵ بەکارهێنراوە ( Independent samples Test)، کەئەنجامەکەش لەخشتەی (3) خراوەتەڕو.

**خشتەی (3) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی**

**نێوان ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| بوارەکان | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای(T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **تێگەیشتن** | نێر | 49 | 32.6327 | 3.26243 | .114 | .910 |
| | مێ | 39 | 32.5641 | 3.80665 | | |
| **پەیوەندیکردنی زارەکی** | نێر | 49 | 28.4082 | 3.46162 | -3.127 | . .002 |
| | مێ | 39 | 30.3333 | 2.44293 | | |
| **ئامادەباشي بۆ نوسين** | نێر | 49 | 29.4490 | 3.55874 | -.800 | .426 |
| | مێ | 39 | 30.2821 | 3.79587 | | |
| **ئامادەباشی بۆ خوێندنەوە** | نێر | 49 | 21.3469 | 3.68412 | .475 | .636 |
| | مێ | 39 | 21.2564 | 2.72188 | | |
| **کۆی گشتی** | نێر | 49 | 111.8367 | 8.98692 | -1.110 | .270 |
| | مێ | 39 | 114.4359 | 9.61697 | | |

بەوشـــێوەیەی کەلە نێو خشـــتەی(3) دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ ئاســتی گەشـــەی زمانی لەلای منداڵانی باخچە.- ناوەندە ژمێرەیی ســـــامپڵی توێژینەوەکە لە کۆی گشـــتی لەرەگەزی نێر بریتییە لە(111.05) و بەلادانی پێوەری (8.98) لەگەڵ ئەوەشـــــدا نمرەی ناوەندە ژمێرەیی تاکەکانی ســــامپڵی توێژینەوەکە لەڕەگەزی مێ بریتییە لە (114.43) بەلادانی پێوەری (9.61) لەکاتی بەراوردکردنی هەردو ناوەندەکە ئەوە ڕوندەبێتەوە کە ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی مێ بەرزترە لە ڕەگەزی نێر، بۆ زانینی جیاوازی نێوان دو ناوەندەکە لە کۆی گشـــتی بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (تائی) بۆ دو ســــامپڵی توێژینەوەکە دەرکەوت بەهای ئاستی بەڵگەداری (0.270) گەورەترە لە(0.05)، ئەوەش نیشانی دەدات کە جیاوازی نییە بەشــــێوەیەکی گشـــتی لەنێوان منداڵانی باخچە لەگەشـــەی زمانی، بەڵام جیاوازی بەپێی بوارەکان تەنها

لەبواری پەیوەندیکردنی زارەکی (التواصل اللفظي) جیاوازی هەیە، گەشـەی زمانی منداڵە مێیینەکان بەرزترە، بە ناوەندی ژمێرەی مێ (30.33) لەکاتێکدا ناوەندی ژمێرەی نێر (28.4082)، بەبەهای ئاستی بەڵگەداریان (0.02) جیـاوازەکەش لەبەرژەوەنـدی ڕەگەزی مێیە. ئەم نەبونی جیـاوازییە لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێـدا گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژنەوەی ئەلهوارنە (الهوارنە، 2012) و محمد (2012)، هەروەها ئەنجامێکی جیـاوازی هەیە لەگەڵ ئەنجـامی توێژینەوەی القـدوری (قـدوری، 2021) جیـاوازی لە ڕەگەزدا هەیەو لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدایە.

هەندێک هۆکار کاریگەری هەیە لەسـەر ئاسـتی سـامانی زمانی منداڵ ، لەوانە گەشـەی فسـیۆلۆجی، گەشـــەی مەعرفی، گەشـــەی کۆمەڵایەتی بۆمنداڵ، ئەم لایەنانەش هەردو ڕەگەز کوڕوکچ تێیدا بەشـــدارن، ئەگەر گەشەی منداڵ سروشتی بێت لەچەند لایەنێکی جیاوازەوە، ئەمە ڕەنگدەداتەوە لەسەر گەشی زمانی، شـاش ٢٠٠٦ ئاماژەیبەوەداوە کە گەشـەی مرۆڤ جا کوڕ بێتیان کچ کاریگەر دەبێت بە کۆمەڵێک هۆکاری خودی و ژینگەیی، گەشەی زمانیش کە جۆرێکە لەجۆرەکانی گەشەی مرۆڤ کاریگەر دەبێت بە بە هۆکاری جۆراوجۆر، هەندێکیان پەیوندییان دەبێت بە پێکهاتەی دەرونی ئەندامی تاکەوە، هەندێکی کەیان پەیوەندیان دەبێ بە ئەو ژینگەیەی منداڵەکە تێیدا دەژی (الفریحات و فضيلي، 2016: 700).

بەڕای توێژەران نەبونی جیـاوازی ڕەگەزی نێرو مێ لەم توێژینەوەیدا، هۆکـارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەیەک چوی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی پێکەوە کە منـداڵەکـان تێیـدا دەژین و هەڵبژاردنی ئەو باخچـانەی لەو ژینگـانەدا، دەبێتە هۆی لێکچونی شــــارەزا کۆمەڵایەتییەکان و زمـانییەکان کە کوڕ وکچ پێکەوەن لەباخچەن، ئەم هاوبەشـــییەیان لە وەگرتنی شـــارەزایی کۆمەڵایەتی و زمانەوانەییە وادەکات جیاوازیان نەبێت سامانی زمانی بەشێوەیەکی گشتی.

### •باری کۆمەڵایەتی خێزانی منداڵەکە

جیاوازی ئاستی گەشەی زمانی بەپێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی خێزانی منداڵەکە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئـامـانجەش تـاقیکردنەوەی ڕێگـای یەک نمونەی ئەنۆڤـا (One Way ANOVA) بەکـارهـاتوە، کە ئەنجامەکەش لەخشتەی (4) خراوەتەڕو.

**خشتەی (4) خستنەڕوی تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way ANOVA)**

**بۆ ئاستی گەشەی زمانی بەپێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی و خێزانی منداڵەکە**

| بوارەکان | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارینەکان | بەهای (F) | بەهای بەڵگەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **تێگەیشتن** | نێوان کۆمەڵەکان | 6.080 | 2 | 3.040 | 0.241 | .786 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1071.000 | 85 | 12.600 | | |
| | کۆی گشتی | 1077.080 | 87 | | | |
| **پەیوەندیکردنی زارەکی** | نێوان کۆمەڵەکان | 66.164 | 2 | 33.082 | 3.520 | .034 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 798.825 | 85 | 9.398 | | |
| | کۆی گشتی | 864.989 | 87 | | | |
| **ئامادەباشی بۆ نوسین** | نێوان کۆمەڵەکان | 20.127 | 2 | 10.064 | 0.743 | .479 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1150.963 | 85 | 13.541 | | |
| | کۆی گشتی | 1171.091 | 87 | | | |
| **ئامادەباشی بۆ خوێندنەوە** | نێوان کۆمەڵەکان | 5.308 | 2 | 2.654 | 0.249 | .780 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 905.408 | 85 | 10.652 | | |
| | کۆی گشتی | 910.716 | 87 | | | |
| **کۆی گشتی کۆمەڵەکان** | نێوان کۆمەڵەکان | 144.942 | 2 | 72.471 | 0.832 | .439 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 7400.047 | 85 | 87.059 | | |
| | کۆی گشتی | 7544.989 | 87 | | | |

بەپێی ئەنجامی نێو خشتەی (4) تێبینی ئەوە دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی نییە لە نێوان منداڵەکاندا چونکە بەهای بەڵگەداری (0.439) بەرزترە لە بەهای (0.05)، بەپێی گۆڕاوی باری کۆمەلایەتی خێزانی منداڵەکان (لەگەڵ دایک و باوکی دەژی، لەگەڵ دایکیدایە، لەگەڵ باوکیدایە).

بۆ زانینی جیاوازی بەپێی بوارەکان تەنها لەبواری پیوەندیکردنی زارەکی (تواصل لفظي) جیاوازی هەیە، بەبەهای ئاستی بەڵگەداریان (0.034) بۆ زانینی جیاوازی نێوان سێ هەڵبژاردەکە بە ڕێگەی شیفێ (Scheffe) جیاوازەکەش لەبەرژەوەندی هەڵبژاردەی لەگەڵ باوکیدا دەژی دەبێت.

بەڕای توێژەران نەبونی جیاوازیی لەنێوان باری کۆمەلایەتی خێزانی منداڵەکاندا لەسەر گەشەی زمانی لەم توێژینەوەیدا، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی منداڵان لەهەر جۆرە خێزانێکدا بن وەک یەک فێری زمان دەبن و سامانی زمانیان لەیەکەوە نزیکە و کاتێک دەچنە باخچە کە لە خێزانی کوردیدا بەهۆی پێشکەوتنی

ئاستی ڕۆشنبیری دایک و باوک جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ کەمبکرێتەوەو یەک مامەڵەی هاوشێوەیان لەگەڵ بکرێت.

**ریزبەندی لەدایکبونی منداڵەکە لە نێوان خوشک و براکانیدا:**

جیاوازی ئاستی گەشەی زمانی بەپێی گۆڕاوی ڕیزبەندی لەدایکبونی منداڵەکە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way ANOVA) بەکارهاتوە، کە ئەنجامەکەش لەخشتەی (5) خراوەتەڕو.

**خشتەی (5) خستنەڕوی تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way ANOVA)**

**بۆ ئاشتی گەشەی زمانی بەپێی گۆڕاوی ڕیزبەندی لەدایکبون**

| بوارەکان | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارینەکان | بەهای F | بەهای بەڵگەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تێگەیشتن | نێوان کۆمەڵەکان | 23.330 | 2 | 11.665 | 0.941 | 0.394 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1053.750 | 85 | 12.397 | | |
| | کۆی گشتی | 1077.080 | 87 | | | |
| پەیوەندیکردنی زارەکی | نێوان کۆمەڵەکان | 47.286 | 2 | 23.643 | 2.458 | 0.092 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 817.703 | 85 | 9.620 | | |
| | کۆی گشتی | 864.989 | 87 | | | |
| ئامادەباشی بۆ نوسین | نێوان کۆمەڵەکان | 0.052 | 2 | 0.026 | 0.002 | 0.998 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1171.039 | 85 | 13.777 | | |
| | کۆی گشتی | 1171.091 | 87 | | | |
| ئامادەباشی خوێندنەوە | نێوان کۆمەڵەکان | 4.216 | 2 | 2.108 | 0.198 | 0.821 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 906.500 | 85 | 10.665 | | |
| | کۆی گشتی | 910.716 | 87 | | | |
| کۆی گشتی کۆمەڵەکان | نێوان کۆمەڵەکان | 11.078 | 2 | 5.539 | 0.062 | 0.939 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 7533.910 | 85 | 88.634 | | |
| | کۆی گشتی | 7544.989 | 87 | | | |

بەپێی ئەنجامی نێو خشتەی (5) تێبینی ئەوە دەکرێت جیاوازی نییە لە نێوان گەشەی زمانی منداڵان لە گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵان بۆ هەڵبژاردەی (یەکەم منداڵ بێت یان ناوەنجی یان کۆتایی)، چونکە بەهای بەڵگەداری بۆ کۆی گشتی بریتییە (0.93) بەرزترە لە (0.05)، بەهەمان شێوە بۆ هەریەک لە بوارەکانییش

ئاستی بەڵگەداری بەرزترە لە (0.05)، کە ئەمەش گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژنەوەی محمد (2012)، بەبۆچونی توێژەران نەبونی جیاوازی بۆ گەشی زمانی منداڵەکان ئەگەر یەکەم منداڵ بن یان ناوەنجی یان کۆتا لەیەک ئاستدان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خوشک و براکان زۆرتر کات بەسەر دەبن لە ماڵەوە بە خوێندن و یاری ئەلکترۆنی و تەماشاکردنی تەلەفزیۆن و کەمتر یاری دەکەن لەگەڵ خوشک و براکانیتریاندا، بەمەش جیاوازی نامێنێ، یەکەم منداڵ کەس نییە لێوەی فێری زمان بێت لەگەڵ ناوەنجی یان کۆتا منداڵ کە منداڵی پێش خۆی هەیە چاوی لێوە بکات و سامانی زمانی دەوڵەمەند بکات.

هەرچەندە هەندێک لەسەر چاوەکان باسیان لەوەکردەوە ڕیزبەندی منداڵ لەگەڵ خوشک و براکانی کاریگەری هەیە بۆ ئاستی فێربونی زمان، چونکە شوێنی منداڵ لە ڕیزبەندیەکەیدا چانسی کارلێکردنی لەگەڵ دایک و باوکی و کەسانی دەوروبەری دیاریدەکات، منداڵی ناوەنجی هەژارترین و بێبەشترینە بۆ لەم بارەیەوە، چونکە دایبابان تێربون لە کارلێکردن لەگەڵ منداڵەکان، و شارەزایەکی تازەنییە لەلایان وەک لەمنداڵی یەکەمدا حەوسەڵەی چاودێری هەمو جوڵەکان منداڵەکەیان هەیە، لەبەر ئەوە کارلێکردنەکەیان لەگەڵی کەمدەبێتەوە. بەراورد بە یەکەم منداڵ (قطامی، 2008: 192-193).

لەوانەیە ئەنجامی ئەم ئامانجە جیاوازبێت لەگەڵ سەرچاوەکانی تر بەڵام بەرای توێژەران نەبونی جیاوازی گەشەی زمانی بۆ ڕیزبەندی لەدایک بونی منداڵەکان، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ژیانی هاوچەرخ کەمنداڵان لەم ڕۆژگارەدا تێیدا دەژین، بونی چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر کە پشتی پێدەبەستن بۆ گەشەو سەرمایەی زمانیان، لەوانەیە ئەو شارەزاییەیان لە ماڵ یان باخچەی منداڵان یان کەسانی گەورەتر لەخۆیان یان هۆیەکانی ڕاگەیاندن وەربگرن، بەتایبەتی ڕاگەیاندن لە کاریگەرترین سەرچاوەکانە لەم سەردەمەدا، بەتایبەتی ئەو بەرنامانەی پێشکەش دەکرێن بۆ منداڵان، چونکە چەندین وروژێنەری دەنگی و بینراوی تێدایە کە سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێن ئەم شارەزاییانە زۆربەی کات فەراهەمە بۆ هەمو منداڵان. ئەمە وای منداڵ تەنها پشت بە خێزان نەبستێت بۆ وەرگرتنی زمان.

**قەبارەی خێزان**

جیاوازی نێوان منداڵانی قەزای شارەزورو بۆ گەشەی زمان بەپێی گۆڕاوی قەبارەی خێزانی، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی (T) بۆ دو سامپڵ بەکارهێنراوە( Independent samples Test)، کەئەنجامەکەش لەخشتەی (6) خراوەتەڕو.

**خشتەی (6) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی**

**نێوان ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بەپێی گۆڕاوی قەبارەی خێزان**

| بوارەکان | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای(T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **تێگەیشتن** | 4-6کەس | 36 | 33.1111 | 3.93358 | 1.097 | 0.276 |
| | 3 کەس | 50 | 32.2600 | 3.25018 | 1.063 | 0.292 |
| **پەیوەندیکردنی زارەکی** | 4-6کەس | 36 | 29.7500 | 3.06478 | 1.259 | 0.212 |
| | 3 کەس | 50 | 28.8800 | 3.23021 | 1.270 | 0.208 |
| **ئامادەباش بۆ نوسین** | 4-6کەس | 36 | 29.8333 | 3.44342 | -0.033 | 0.974 |
| | 3 کەس | 50 | 29.8600 | 3.85455 | -0.034 | 0.973 |
| **ئامادەباشی بۆ خوێندنەوە** | 4-6کەس | 36 | 21.2222 | 3.75774 | -0.333 | 0.740 |
| | 3 کەس | 50 | 21.4600 | 2.86577 | -0.319 | 0.751 |
| **کۆی گشتی** | 4-6کەس | 36 | 113.9167 | 9.94377 | 0.709 | 0.480 |
| | 3 کەس | 50 | 112.4600 | 8.98345 | 0.698 | 0.488 |

بەو شێوەیەی کە لە نێو خشتەی(6) دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی قەبارەی خێزان بۆ ئاستی گەشەی زمانی لەلای منداڵانی باخچە بەپێی هەڵبژاردەی (خێزانی بچوک و خێزانی گەورە). ناوەندەژمێرەیی سامپڵی توێژینەوەکە لە کۆی گشتی لەخێزانی گەورە بریتییە لە(113.9) و بەلادانی پێوەری (9.94) لەگەڵ ئەوەشدا نمرەی ناوەندە ژمێرەیی تاکەکانی سـامپڵی توێژینەوەکە خێزانی بچوک بریتییە لە(112.46) بەلادانی پێوەری (8.98) لەکاتی بەراوردکردنی هەردو ناوەندەکە ئەوە ڕوندەبێتەوە کە ناوەندە ژمێرەیی خێزانی گەورە بەرزترە لە خێزانی بچوک، بۆ زانینی جیاوازی نێوان دو ناوەندەکە لە کۆی گشـتی بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (تائی) بۆ دو سـامپڵی توێژینەوەکە دەرکەوت بەهای ئاسـتی بەڵگەداری (0.480) گەورەترە لە(0.05)، ئەوەش نیشـانی دەدات کە جیاوازنییە بەشـێوەیەکی گشـتی لەنێوان منداڵانی باخچە لەگەشـەی زمانی.

ئەم نەبونی جیاوازییە لەنێوان خێزانی گەورەو بچوکدا بۆ ئاستی گەشەی زمان، بە پێچەوانەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژنەوەی محمد (2012) کە دەرئەنجامەکەی دەریخسـت تا خێزان گەورە بێت گەشـەی زمانی منداڵ لاوازتردەبێت.

بەڕای توێژەران نەبونی جیاوازی قەبارەی خێزان بۆ گەشـەی زمانی منداڵ لەم توێژینەوەیدا، بەهۆی دانەبڕانی خێزانی بچوک لە کۆمەڵگەی کوردیدا و تێکەڵی بەردەوامییان لەگەڵ بنەماڵەو خزمان ئەمە وای کردوە منداڵی خێزانە بچوکەکانیش بەهەمان شێوەی خێزانە گەورەکان زمانیان گەشەدەکات و هاوشێوەن،

هەروەها بە چونی منداڵی هەردو جۆر خێزان بۆ دەزگا پەروەردەییەکان وەک دایەنگاو باخچەی منداڵان دەتوانن سەرمایەی زمانیان وەک یەک گەشەبکات و هەردوکیان هەمان چانسی وەرگرتنی زمانیان دەبێت.

- **باری ئابوری خێزانی منداڵەکە**

جیاوازی گەشەی زمانی منداڵانی قەزای شارەزور بەپێی گۆڕاوی باری ئابوری خێزانی منداڵەکان، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way ANOVA) بەکارهاتوە، کەئەنجامەکەش لەخشتەی (7) خراوەتەڕو.

**خشتەی (7) خستنەڕوی تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way An ova)**

**بۆ ئاستی گەشەی زمانی بەپێی باری ئابوری خێزانی منداڵەکە**

| بوارەکان | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارینەکان | بەهای (F) | بەهای بەڵگەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **تێگەیشتن** | نێوان کۆمەڵەکان | 20.677 | 2 | 10.339 | 0.832 | 0.439 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1056.402 | 85 | 12.428 | | |
| | کۆی گشتی | 1077.080 | 87 | | | |
| **پەیوەندیکردنی زارەکی** | نێوان کۆمەڵەکان | 1.731 | 2 | 0.865 | 0.085 | 0.918 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 863.258 | 85 | 10.156 | | |
| | کۆی گشتی | 864.989 | 87 | | | |
| **ئامادەباشی بۆ نوسین** | نێوان کۆمەڵەکان | 56.779 | 2 | 28.390 | 2.166 | 0.121 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 1114.312 | 85 | 13.110 | | |
| | کۆی گشتی | 1171.091 | 87 | | | |
| **ئامادەباشی بۆ خوێندنەوە** | نێوان کۆمەڵەکان | 41.522 | 2 | 20.761 | 2.030 | 0.138 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 869.194 | 85 | 10.226 | | |
| | کۆی گشتی | 910.716 | 87 | | | |
| **کۆی گشتی** | نێوان کۆمەڵەکان | 338.425 | 2 | 169.213 | 1.996 | 0.142 |
| | ناوەندی کۆمەڵەکان | 7206.563 | 85 | 84.783 | | |
| | کۆی گشتی | 7544.989 | 87 | | | |

بەپێی ئەنجامی نێو خشتەی (7) تێبینی ئەوە دەکرێت جیاوازی نییە لە نێوان منداڵان لە گۆڕاوی باری ئابوری خێزان، چونکە بەهای بەڵگەداری بۆ کۆی گشتی بریتییە (0.142) بەرزترە لە (0.05) بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی بوارەکانیش، ئەنجامی توێژنەوەی ئەلهوارنە (الهوارنه، 2012) دەریخست کە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان گەشی زمانی منداڵ و باری ئابوری خیێزان. بەبۆچونی توێژەران نەبونی جیاوازی نێوان گەشەی زمانی منداڵ بۆ باری ئابوری خێزان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خێزانەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەرچەند باری ئابورییان جیاوازبێت، بەڵام لەڕوی گرنگیدان بە منداڵەوە هەوڵی خۆیان دەدەن کاریگەری نەبێت لەسەر منداڵەکان و گەشەی زمانیان، لەڕوی گفتوگۆو کارلێکردنی دایک و باوکەکان

لەگەڵ منداڵەکان وەک وابێت. هەروەها هۆکارەکانی فێرکردن و یاریکردن و دەزگاکانی دایەنگاو باخچە هاوکارن و فەراهەمن بۆ منداڵان بەبێ جیاوازی ئاستی ئابوری بەتایبەتی لە دایەنگا و باخچە حکومییەکان بۆ گەشەی زمانی منداڵان بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتی.

**ئەنجام**

1- گەشەی زمانی لەلای منداڵانی قەزای شارەزور لە ئاستێکی لاوازدایە.

2- گەشەی زمانی منداڵانی شارەزور بەپێی بوارەکان: پەیوەندیکردنی زارەکی بە پلەی یەکەم دێت بەبواری ئامادەباشی بۆ نوسین بە پلەی دوەم دێت، تێگەیشتن بە پلەی سێیەم دێت، ئامادەباشی بۆ خوێندنەوە بە پلەی چوارەم دێت.

3- بەشێیوەیەکی گشتی جیاوازی لە نێوان منداڵانی قەزای شارەزوردا نییە بۆ گەشی زمانی لە بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، منداڵەکە لەگەڵ کێ دەژی، ڕیزبەندی لە دایکبون، قەبارەی خێزان، باری ئابوری خێزان،

**ڕاسپاردە:**

1- وەزارەتی پەروەردە گرنگی زیاتر بدات بە پرۆگرامی باخچەو چالاکی چیرۆک و گفتوگۆی بۆ زیادبکرێت.

2- باخچەکان لە چالاکیەکانیاندا گرنگی زیاتر بدەن بەگفتوگۆو هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەی زمانی منداڵان.

3- دایبابان گرنگی بدەن بە گەشەی مانی منداڵەکانیان لە ڕێگەی گفتوگۆ و هاندانیان بۆ قسەکردن، بەتایبەتی لە پێنجساڵی سەرەتای تەمەنیان.

4- بەهاوکاری دایبابان و باخچەکان، بەپێی ڕەچاوکردنی ماوەو گونجاوی تەمەن و لایەنی تەندروستی، منداڵەکان هانبدرێن بۆ بەکارهێنانی تەلەفزیۆن و ئایپاد و موبایل بۆ گوێگرتن لە گۆرانی و چالاکییە کوردییەکان، بۆ فێریونی زمانی دایک و پاراوی زمانیان.

5- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گرنگی زیاتر بدەن بە دۆبلاژو ئامادەکردنی ئەفلام کارتۆنی کوردی، منداڵانی کورد بەشێوەیەکی دروست فێری زمانی کوردی ببن.

**پێشنیاز:**

1- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژنەوەیە بۆ منداڵانی باخچە لە شارەکان و ناوچەکانی تر.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری بۆ گەشەی زمانی لەلای منداڵانی باخچەکانی هەرێمی کوردستان و نەتەوە جیاوازەکانی تر.

3- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر گەشەی زمانی منداڵانی خوار تەمەنی باخچە 4-3 ساڵی لە هەرێمی کوردستان.

# Estimating children's language development from the perspective of kindergarten teacher's of the Shahrazor District.

**Mihraban Hussen Salih[1] - Nazeera Salih Mohammed[2]**

[1]Kindergarten department, Education College of Sharazur, University of Halabja ,Halabja, Kurdistan Region, Iraq.
[2] Kindergarten department, College of basic education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract
This study aims to identify the level of the language development among preschool children in Shahrazor district from the perspective of teachers, and it is relationship to some of the variables: Gender, social status of the child's family, birth sequence, family size and economic status. Used A measure from the study (Al-Dardir et al., 2016) consisting of (58) items, and it was applied to (89) children male and female from the kindergarten, the measure was answered by kindergarten teachers which is the number of the all teachers in the Shahrazor District. The study used the descriptive analytical approach and the study tool were consisted of language development. The study result showed that the level of language development among the children of Shahrazour district is weak in the total degree, and was there area of language development, the field of verbal communication has received the first grade,Then followed by the field of readiness for reading (pre-reading skills) ranked second, and followed by the field of comprehension ranked third, then readiness for writing (pre-writing skills) came in the fourth rank. In addition, the study results indicated that there were no statistically significant differences between the average degrees of the level of language development in due to the variables: gender of the child, the social status of the child's family, the birth sequence and the economic status of the family. In addition to a set of recommendations and two suggestions for language development of pre-school children.

**Keywords:** Language Development, Pre-School Children, Pre-School Teachers.

## سەرچاوە:


بدر، سهام محمد. (2010). مدخل الى رياض الاطفال. الطبعة الثانية. عمان. دار المسيرة للنشر والتوزيع.

بدير، كريمان و صادق، اميلي. (2000). تنمية المهارات اللغوية للطفل. القاهرة: علم الكتب للنشر والتوزيع و الطباعة.

الدردير، عبدالمنعم احمد. الضوي، محسوب عبدالقادر و عبدالرحمن، هبة الله أحمد. (2016). مقياس تقدير النمو اللغوي لدى اطفال الروضه. مجلة العدد السابع و العشرون ابريل 2016.

السعيد، هلا .(2014). اضطرابات التواصل اللغوي، التشخيص و العلاجز مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

الظاهر، قحطان احمد.(2010). اضطرابات اللغة و الكلام. عمان: دار وائل للنشر.

عبابنة، عماد . الطويسي، أحمد و أبولبدة، خطاب. (2018). دراسة قياس استعداد الأطفال في الأردن للتعلم باستخدام أداة تطور الطفل. نفذت الدراسة بالتعاون مع و ا زرة التربية والتعليم

عبدالهادي، نبيل . الدراويش، حسن و صوالحه، محمد. (2007). عمان: الاهليه للنشر والتوزيع.

عزيز، عزالدين أحمد. (2021) خوێندنەوەیەكی هاوچەرخ بۆ سایكۆلۆژیای گەشە. هەولێر: فێربون بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە.

عەبدلوەهاب، عەدنان عەبدوڵلا .(2015). وەرگرتنی مان لەلای منداڵ. نامەی ماستەری بڵاونەكراوە. زانكۆی سلێمانی، فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان، سكوڵی زمان، بەشی كوردی.

الغرير، احمد نايل. أبو أسعد، احمد عبداللطيف و النواسية، أديب عبدالله، (2009). النمو اللغوي وأضطرابات النطق والكلام. أربد: عالم الكتب الحديث.

الفريحات، عمار عبدالله محمود و فضيلي، زعد ثابت حسن. مستوى الحصيلة اللغوية لدى أطفال الروضة وعلاقته بالترتيب الولادي في منطقة الطيرة، مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، مجلد (35) العدد: (١٧٠ الجزء الأول) أكتوبر لسنة ٢٠١٦م. ص ص 683-708 .

قدوري، لبن علي. (2021). النمو اللغوي لد الاطفال ما قبل المدسه من الملتحقين و غير الملتحقين برياض الاطفال. مركز بحوث النفسية. المجلد 32 العدد 1. ص: 583-620.

قطامي، نايفة .(2008). تطور اللغة والتفكير لدى الطفل ، الشركة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات، القاهرة.

قەرەچەتانی، كەریم شەریف (2016). سایكۆلۆژیای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

قەرەچەتانی، كەریم شەریف (2018). پێوانەو هەڵسەنگاندن ، چاپخانەی صلح، تهران.

كەلهور، نەوزاد. (٢٠١٠) .گەشەكردنی منداڵ، چاپخانەی خانی، دهۆك.

محمد، زينب محمد عثمان. (2012). النمو اللغوي لدى أطفال مرحلة التعليم قبل المدرسة وعلاقته ببعض المتغيرات الديموغرافية. رسالة ماجستير غر منشورة. جامعة الجيزة. كلية التربية- حنتوب. قسم علم النفس التطبيقي.

النوايسة، اديب عبدالله محمد و القطاونة، ايمان طه طايع. (2015). النمو اللغوي والمعرفي للطفل. عمان: دار الاعصار العلمي و مكتبة المجتمع العربي.

الهوارنه، معمر نواف. (2012). دراسة يعض المتغيرات ذات الصلة بالنمو اللغوي لدى اطفال الروضة. مجلة جامعه دمشق، المجلد 28. العدد الاول: ص ص 223- 263.